دڵاودڵ

پییێر ڕۆڤێردی*
لە فڕانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر



منداڵ بووم، سەرەنجام ئەوەتە گەورەم
بێرەدا تێپەڕیم
یەکێکیش بێرەدا تێ دەپەڕێ ئێستا
وەک من
نازانێ بۆ کوێ بچێ.
دەلەرزیم
لە قووڵایی ژوورەکە دیوارەکە ڕەش بوو
ئەویش دەلەرزی
چۆن توانیم بە ناو ئەم دەرگایە تێپەڕم

دەتوانین هاوار بکەین
کەس گوێی لێ نابێ
دەتوانین بگریەین
کەس تێی ناگا

سێبەری تۆم لە ناو تاریکایی دۆزییەوە
لە خۆت دڵگیرتر بوو
پێشان
سێبەرت گۆشەنشین و غەمبار بوو
مەرگ ئەم ئارامییەی پێ بەخشی
بەڵام تۆ هێشتاش قسە دەکەی، قسە دەکەی
منیش دەمەوێ جێت بهێڵم
ئەگەر تەنیا کەمێ بای بێ
ئەگەر دەرەوە ڕێمان بدا بە ڕوونی ببینین
دەخنکێین
هەست بە قورسایی ساپیتە دەکەم لەسەر سەرم و
پاڵم پێوەدەنێ
خۆم لە کوێ بئاخنم و بچمە کوێ
شوێنێکی زۆرم نییە بۆ مردن

هەنگاوەکان بۆ کوێ دەچن کە لێم دوور
دەکەونەوە و
گوێم لێیە دوورن گەلێک زۆر دوور
ئێمە تەنیاین، من و سێبەرەکەم

شەو هەڵدەکشێ.

ئاسۆیی و هەموو شتێک گوتراوە

دەمەوێ لە بڵندایی بکەوم
کاتێ کە نزگرەی باران دەوەستێ
پێکەنینێکی شێدار کەلێن دەخاتە پەنجەرە
هێشتا وەختمان هەیە بێین
سەرەتا چارەک، ئینجا نیو
سەعاتە جیرەکان کە تێ دەپەڕن
ئەمە دواجارە کە قیتار دەگرین
ڕۆژ وا دەکا هێشتا چاوەڕێ بێ
دەتوانین لێرەوە، یان لە دوورتر بێین
هەردەم بۆ دابەزین
لە شەقامی چۆڵ کە کەس پێیدا نایێ
تەنیا یەک ئۆتۆمبێل دەخلیسکێ
هەوایەکی غەمبار کە باوەشمان پێدا دەکا
هەموو شتێک لە زەمەن خێراتر دەسووڕێتەوە
ئەو بڵندانەی با هەڵیاندەگرێ
شەختە سەیرم دەکا و پێدەکەنێ
پەندۆلیش پێوانەی
ئەم دڵەی خۆم دەکا کە چاک نەبووەتەوە
هەموو خراوەتە سەر برینی تر
بێدەنگی سافولووس
تەنیاین
ژوورەکە زۆر گەورە نییە
بۆ ئەوەی لە کاتی خەوتن
خەونەکان بگرینەوە کە هەڵدێن.

* پییێر ڕۆڤێردی، شاعیر و نووسەرێکی فرانسییە، لە ساڵی ١٨٨٩ لە دایک بووە و لە ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە. هەردەم ناوی پییێر ڕۆڤێردی لەگەڵ بزووتنەوەی هونەری کوبیزم دێ، پاشان دەبێتە یەکێ لە شاعیرە پێشەنگەکانی سوریالیزم، بە خێراییش لەمانەی دوایی دووردەکەوێتەوە. بە یەکێ لە شاعیرە نوێخوازەکانی شیعری فرانسی لە قەڵەم دەدرێ و کاریگەری زۆر بووە.

سەرچاوە:

Anthologie de la poésie française de XIX siècle. Préface de Claude Roy. Édition de Michel Décaudin. Poésie Gallimard. 2011.